# لەبری شارەوانی خۆیان ئاوەڕۆدروستدەکەن!!





**ئا. فۆتۆ: کامەران**

ڕەنگە ئەمە پلانێکی نوێی حکومەت بێت، کەپێویستە هاولاَتیان خۆیان سەرجەم پێداویستیەکان دابین بکەن، کەئێمە خۆمان بیری لێبدەین بۆئاو، خۆمان بەمەولیدەکانمان کارەبا دابینکەین، خۆمان ئاوەڕۆو زێراب دروستبکەین، پێم نالێین حکومەت لەم ولاَتەدا ئیشی چیە؟؟ ئەمە قسەی کەمال حەمەسالَح بووکە بەدوای حەفارەکەوەبوو ڕێنمایی دەکرد بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئەندازەیی چالَی ئاوەڕۆکەیان بۆهەلَبکەنێت، ئەوبەماندوبونێکی زۆرەوە سکالاَکانی خۆی لەم حکومەتە نەشاردەوە کە ئەو بەخەمساردو بێوەفا وەسفیکردن، چونکە کەمال پێی وایە ئەم گەڕەکەی کە بەئیبراهیم ئەحمەد ناسراوە بەشێکی زۆری پێشمەرگەی کۆن وچینی خوێنەوارو ڕۆشنبیرن، جا حکومەت ئاوالالەئێمە بکاتەوە، ئەبێت فاتیحە بۆگەڕەکە نوێکانی تربخوێنین!!

دکتۆرعەبدولڕەحمانیش یەکێکی ترە لەو هاولاَتیانەی کە بەشدارە لەدروستکردنی ئاوەڕۆی گەڕەکەکەی خۆیان وچیرۆکی دروسکردنی ئەم ئاوەڕۆیەی بۆباسکردین و وتی"وەك دەزانن ئێمە گەڕەکێکی نوێین،

خزمەتگوزاری تەنها کارەبامان هەیە، ئیدی خۆمان بیرمان لێداوەبۆئاوی خواردنەوەو گرفتێکی گەورەشمان ئاوەڕۆیە، بۆیە هەمومان بەناچاری چاڵمان لێداوە بۆئاوەڕۆکانمان، بەلام ئەوچالانە پڕدەبێت و بەهۆیەوە چەندین نەخۆشی دروستدەبێت، بەتایبەتیش لەم وەرزەدا کە نەخۆشی زۆر بەرێوەیەوە، بۆیە دڵنیابوین لەوەی حکومەت بەمزوانە کارەکە ناکات، بەناچاری خۆمان دەماڵێك کۆبوینەوەو بەپارەی خۆمان بۆریمان کڕی و کەوتینە دروسکردنی ئاوەڕۆ، لەکاتێکدا ئەمە ئیشی شارەوانیە نەك هاوڵاتیان!!

کامەران یش هاوڵاتیەکی تری ئەو گەڕەکەیەو وتی" ئەم وڵاتە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، حکومەتێك نەتوانێت ئاو دابینکات، نەتوانێت کارەباو خزمەتگوزاریەکانی تر دابینکات، نازانم ئیدی ئەو حکومەتە ئیشی چیە؟؟ سەبارەت بەهاوکاری شارەوانی بۆدروسکردنی ئەو ئاوەڕۆیە کامەران وتی" نەك شارەوانی یارمەتیان نەداین، بەڵکو گاڵتەشیان بەعەقڵمان دەهات، چونکە من و دووهاولاتی تر بەنوێنەرایەتی ئەم گەڕەکە چوینە شارەوانی، جارێك بەهۆی ڕۆتینیات وگەندەڵیەوە دنیایەك ئەم ژوورو ئەوژوریان پێکردین، پاشتر ناردینیانە لای بەڕێوبەری بەشی پلاندانان لەشارەوانی سلێمانی بەلام ئەوەی تایبەتمەندی بەرپرس بێت لەو پیاوەدا نیە، ئەوبەشێوەیەکی زۆر بازاڕیانە مامەڵەی لەگەڵ کردین، دواتر چوینەلای سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، ئەویش وەرەقەیەکی داپێمان بۆ گەنجینە لەوێ بەگاڵتەکردنەوە پێیان وتین، نەحەفارە ونەبۆری و نەپارە هیچیانمان نیە، چیترتان دەوێت لەخزمەتاندا‌ین، چا کاری زێراب تەنها بەو سێ شتە دەکرێت..



کامەران بەنیگەرانیەکی زۆرەوە وتی، بەڕاستی ئەم وڵاتە بوەتە زبڵدانێکی گەورەو هەمومان ڕۆژانە لەناویدا چاوەڕێی مەرگ دەکەین، نازانم چی ڕۆژێك دێت ئەم بەرپرسە گەندەڵانە سەیرێکی خوارخۆیان دەکەن وبیری ئەو ڕەش و ڕوتانەدەکەن، کە بەدەنگەکانی ئەوان ئێستا خێروبێری ئەم وڵاتەدەخۆن!!

ئەم گەڕەکە بە بیست و هەشتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد ناسراوە، کە دەکەوێتە باشوری گۆڕی ئیبراهیم ئەحمەدو پشت کۆمپانیای تویّتا کەزۆربەی دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لەکادیرانی یەکێتی و فەرمانبەران، ئێستاش لەگەڵ نزیك بونەوەی وەرزی گەرما، بوتە نەرێت هەرکۆمەڵە ماڵێك بۆخۆیان پێکەوە سەرقاڵی دروستکردنی ئاوەڕۆی گەڕەکەکەیانن، لەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی.

